# لەلیستە سیحراوییەکەی مارینزەوە بۆ لیستی شیندلەر

بەکر ئەحمەد

چەند ڕۆژێکە باس و جەدەلێکی گەورە لەسەر ئەو لیستەی گوایە بەدەست هێزەکانی ئەمریکاوەن و ناوی چەندەها کەس لە بەرپرسیارانی هەر دوو حزبە گەورەکەی کوردستانی تیادایە, بووەتە جێگای مشتومڕی گەورەی مێدیاکانی دەرەوە.
بۆ هەندێك کەس وەك شۆکێك تەماشادەکرێت و هەندێکی تریش پێیانوایە پاککردنەوەی حیزبە کوردییەکان لەم دەنگانە, بەشکم ئاڵوگۆڕێکی گەورە پێکبێنێت لە ئاستی پاککردنەوەی حزب لە جومگە بەعسیەکانی ناوی.
"ئەی بۆچی شەستەبارانی شەڕی ناوخۆ خۆشینەدەکردەوە, ئەی بۆچی هاژەی چەمی خوێنی خوڕی شەڕی ناوخۆ, بەردەوام گوێی کەڕدەکرد, ئەوە چونکە بەشێکی گرنگ لەسەرکردایەتی حزبە کوردییەکان, بەعسی بوون و بە فەرمانی بەعس شەڕی ناوخۆیان هەڵدەگیرساند و درێژەیان پێدەدا" ( 1 )
ئەم دێڕانەی کە بە خامەی حەمە سەعید حەسەن تۆمارکراون, ڕەنگە گرنگترین دەرئەنجامێك بێت کە زۆرێك لە خەڵکی کوردستان و ڕۆشنبیرانی کوردی بەدەستی بێنن. ئەم وشانە چەند خۆشبەختانە دێتە سەر کاغەز, هێندەش لە گەورەکردنەوە و سیحراویکردنەوەی دەسەلاتی ناسیۆنالیزمی کوردداّ, ئەم هەستی خۆشبەختییە دەخنکێنێت. بەڵام ئاخر, ئەم لیستە زەربەی کاریگەر لە هەناوی حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورد دەوەشێنێ؟ ئەدی چۆن ئەم دەسەڵاتە سیحراویتر و گەورەتر دەکاتەوە؟ پرسیارێکە و بە مێشکی زۆر کەسدا دێت.

بە جیا لەم لیستەش, باس و جەدەلی "ئایا کۆتایی سەددام کۆتایی بەعسیزمە" , لایەنێکی گەورەی ئەو جەدەلە ڕووناکبیرییەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەکانی کوردستانە. دامەزرێنەرانی ئەم باسە, وەك کەشفی حەقیقەتێکی تازەیان کردبێت, بە نەخێر, وەلامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە. جا هەزاران لە خەڵکی کوردستان کە ئەم کولتوری بەعسیزمەی کوردیان بە خوێن و گۆشت تاقیکردەوە و ئانبراوی ئەوە کران کە دەبوایە لە لیستی سەوزدا بن بۆ کارکردن وەك مامۆستا, یان دەبێ شار و ماڵی خۆیان جێبهێڵن و "تەرحیل"ێکی کوردانە بکرێن بەوەی کە ڕۆژێك پارتی یان یەکێتی بوون, دەبێ چ دەرئەنجامێك لە دامەزراندنی ئەم باسە دەربکێشن؟ بەلام بەشێك لەو دەرئەنجامانە, هاوتەریبە بەو ئەتیجەگیرییەی کە سیحری کەشفکردنی لیستەکەی مارینز, گێڕەرەوەیەتی. با سەرنجێکی کورت لەم دەرئەنجامەی ڕێبین هەردی بدەین لە ڕۆژنامەی ( هاولاتی ) دا و بێینەوە سەر باسی لیستە سیحراوییەکە.

ڕێبین دەنووسێ:" تۆ تەماشای ڕاگەیاندنی ئەم حزبانە بکە, هەر لەگەڵ گۆڕانی کادرەکانی بەڕێوەی دەبەن, یەکسەر سیاسەتی کۆی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانیان دەگۆڕدرێت. لێرەوە لەو هەڵکشان و داکشانە تێدەگەین کە وەك کودتایەك لە نێوانیاندا دەردەکەوێت, لە پڕ لەو سەری کرانەوەوە , بۆ ئەوپەڕی داخران و بە پێچەوانەوە. دیارە ئەمە خۆی خاڵێکی ئیجابییە و ئەوە دەسەلمێنێت, کە تۆتالیتارییەت لە حزبە کوردییەکانی ئێمەدا بەرنامەی کار و ستراتیژێکی هەمیشەیی نییە, بەڵکو نەزعەیەکە لە ناو هەندێك کادردا هەیە کە بەرژەوەندییان لەهەلومەرجێکی وادا هەیە. تۆتالیتارییەت لە ناو حزبەکانی ئێمەدا بەرنامەی کار و پلانی شاراوە نییە, بەڵکو مەیلێکە لە ناو هەندێك لە کادرانی حزبدا هەیە. بە گشتیش زۆر تر لای ئەو کادرانە هەیە, کە پێشتر خۆیان بە مارکسی زانیوە , واتا قوتابی ئەو تیۆرەیە بوون کە یەکێك لە گەورەترین ئەزموونە تۆتالیبیتارییەکانی سەدەی بیستی لێکەوتەوە." (2)

بۆ ڕێبین و بەشێکی زۆری نووسەرانی کە" کۆتایی سەددام و کۆتایی بەعسیزم" برشتی قەڵەمەکانیان دەردەخات, دەکرێ ناسیۆنالیزمی عەرەب سیستەمێکی تۆتالیتاری بداتەدەر, بەڵام لە ناو ناسیونالیزمی کوردا, ئەوە تۆتالیتاریزم زادەی ئەو گیاکەڵە ناکوردییانەیە کە لە باخچەی ناسیۆنالیزمی کورددا سەریاندەرهێناوە و بە بژارکردنی ئەم گیاکەڵانە, دەکرێ

**دیموکراتی کوردی، بدرەوشێتەوە. لەم دیدوبۆچوونانەدا، ئیتر ( )ئیسلامی بوون) هاوتا دەبێتەوە بەوکەسەی خۆی لە قاوەخانەدا دەتەقێنێتەوە و (مارکسی بوون) یەکساندەکرێتەوە بە جەللاد.**
**ڕەنگە مەدالیای بوێری و ڕادیکاڵبوونێك کە بەبەرۆکی (هاوڵاتی)دا هەڵدەواسرێت، لەخستنەسەرکاغەزی ئەم بۆچوونانەدا بێت. لە کاتێکدا، ئەم بۆچوونە، هێندەی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد گەورەتر دەکات و لە بێگەردیدا دەیهێڵێتەوە، واشدەکات کە هیچ گوتارنووسێکی حزبی ڕۆژنامەکانی کوردستان، نەتوانێت ئاوا لە بێبەریکردنی سیستەمێك دیفاع بکات.**

**تۆتالیتاریزم، یان بە زمانێکی تر، ئامادەیی بەعسیزم وەك سیستەمێکی پراکتیزەکردنی دەسەڵات، لە چڵەپۆپەی ئەم ڕەخنەیەدا، نەك وەك سیستەمێك سەرنجینادرێتی و بەیەکێك لە ستراکچەری سیاسی ئەم هێزانە تەماشاناکرێت، بەڵکو دەکرێتە کردەوەی تاکە شەخس و کۆی سیستەمی بەرهەمهێنەرەوەی ئەم بەعسیزمە کوردییەی لێ بێبەشدەکرێت.**
**ئەگەر بەراوردێکی لیستە سیحرییەکەی مارینزیش بکەین و ئەو دەربڕینانەی لەزاری حەمە سەعیدەوە، وەك جیهانبینییەکی گەورەی کوردی شەڕی ناوخۆ بە کردەوەی (بەعسیە کوردەکان)ی ناو ئەم دوو هێزە لەقەڵەمدەدات بۆ بەردەوامبوونی "هاژەی چەمی خوێنی خوڕی شەڕی ناوخۆ)، ئەوا بە هەمان شێوە، شەڕی ناوخۆ وەك بەشێك لە ستراتیژ و ناکۆکیە دەروونییەکانی ناسیۆنالیزمی کورد لەسەر دەسەڵاتی زیاتر، سەرنجینادرێتی و ئەم تاوانە گەورەیەی بە رانبەر خەڵکی کوردستان ئە نجامدرا، دەکرێتە کردەوەیەکی شەخسی و کۆی سیستەمی بەرپرسیار لە خولقاندنی ئەم جەنگەدا دەربازدەکرێت.**
**ئەوەی کە تۆتالیتاریزمی ناسیۆنالیزمی کورد، نەك وەك بەشێك لە ستراکچەری ئەم هێزە کە ئاما نجدارانە کاری بۆدەکات و شەڕی ناوخۆی لێدەکەوێتەوە و هەزاران لە ڕۆژنامە نووسی غەیری بەعسی و گۆرانبێژی غەیری بەعسی کاری بۆدەکەن، دەبێ بە گەردنی کۆمەڵێ ڕووخساری تایبەتیدا هەڵواسرێن کە لای "ڕێبین" ئەو تۆتالیتاریستە، (کۆنە مارکسی"یەکانی ناو یەکێتین و لە دۆخی جەنگی ناوخۆ و ماڵوێرانییەکانی شەڕی ناوخۆدا، بەعسییە کوردەکانی ناو ئەم هێزانەن. ئەمە پوختەی ئەو پەیامەیە کە لیستە سیحراوییەکەی مارینز، لە دوا ئە نجامەکانی خۆیدا و لە دۆخی ئاشکراکردنیدا پێماندەڵێت.**

**بەڵام لە نێوان لیستە سیحراوییەکەی مارینز و لیستی "شیندڵەر" ی (ستیڤن سپیڵبێرگ) دا، خاڵی لەیەکچوو و جیاوازی سەیر هەیە. سپیڵبێرگ لە فلیمە بەناوبانگەکەی خۆیدا، سەر گوزشتەی ئەو سەرمایەدارە نازیستەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ژمارەیەکی هەزار کەسی لە جووە دەستڕەنگینەکانی شارۆچکەیەکی پۆلۆنیاوە، وە لە ڕێگەی لیستێکی ئامادەکراو لەو جووانەی کە دەبوایە لە کارخانەکەی ئەودا کاربکەن، دەتوانێت ژمارەی لیستەکەی خۆی لەسووتاندن لە کورەکانی ئاوشویتسدا ڕزگار بکات. سپیڵبێرگ لە پاش نیشتنەوە و نەمانی دوکەڵی کورەی ئینسانسووتاندنەکانی نازیزمدا، لە خەونێکی هۆڵیودانەدا، تەماشاچییانی فیلمەکە ڕادەگرێت و پێیاندەڵێت:" ئەگەر بەشێك لە نازیستەکان وەك "شیندڵەر"یان بکردایە، ڕەنگە قسەیەك لە ئاوشویتس نەبوایە." ئیتر ئەو سۆپەرمانەی کە توانای ڕوونەدانی ئاوشویتسی لە ئەستۆدەگرت دەبێتە "شیندلەر" و "ئەو شیندڵەر"انەی دی ناو نازیمی ئەڵمانی، کە جێی داخێکی گەورەیە وایاننەکرد.**
**"ڕێبین"یش بە شوێن پەیامەکەی "سپیڵبێرگ" دا هاوار دەکاو پێماندەڵی: ئەگەر مارکسییەکانی ناو حزب نەبوونایە، (کە پکی حەمەدئاغا) هاوینەهەوار دەبوو، نەك گۆڕستان.**
**لیستە سیحراوییەکەی مارینزیش ، بەو جەدەلەوەی کە لە دەوری دروستکراوە، پێماندەڵێ: ئەگەر بەعسییە کوردەکانی ناو هێزە کوردییەکان نەبوایە؟ ئاخ ئەگەر ئەوان نەبوونایە؟ جاچی نەدەبوو؟**
**بەڵام چارەسەر چییە؟ وەلانانی ئەم شەخسییەتانە، بە مانای پاککردنەوەی ڕیزەکانی ناسیۆنالیزمی کورد لە و خڵتە ناکوردانەی کە کوردایەتی باش ناکەن. لەبەر ئەوە بۆ پێشەوە، هەر سەرکەوتوو بێت حزبەکەمان!**

**کەواتە لە هەردوو حاڵەکەدا، شەڕی ناوخۆ و تۆتالیتاریزمبوونی ئەم هێزانە، دەکرێ بە وەلانانی کۆمەڵێك دەمامك، کە حزبی کوردیش ئامادەیی هەیە بۆ وەلانانیان، ببێتەوە بەو ئومێدەی کە کوردایەتی ناسیۆنالیزمی کورد، دێتەوە سەر ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆیی و ئەم مۆتەکەیە لەسەر سنگی حزب و خەڵکی کوردستان لادەچێت. ئەو سیحرەی کە ئەم لیستە لەگەڵ خۆیدا توانای پەخشکردنەوەی سیحری ئومێدێکی زیاتر و بە نجکردنی ئێمەی هەیە، کاتێك کە سیمای کوژراوەکانی شەڕی**

**ناوخۆ, بە زیندووی لەبەر چاوماندا نەماون, وە بە پێی ئەو جەدەلەی کە ئێستا لەسەری گەرمە, بە دووبارە گەورەکردنەوەی سیحر و ئەفسوونەکانی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد تەواو دەبێت. ئەو سیحرەی کە "مارکسیست" و بەعسییەکانی ناوی , نەیاندەهێشت دەربکەوێت.**

**بەڵام ئایا ئەمریکا لیستە سیحراوییەکە کەشفدەکات؟ بەبڕوای من, بەو شێوەیە نا کە ناوی زۆرێك لەسەرە گەورەکانی ئەم حزبانەی تیابێت. هۆکارەکەیشی ڕۆشنە. گرفتی گەورەی ئەمریکا لە شکڵپێدانی دەسەڵاتی سیاسی ئێستای عێراق و نەبوونی ئەو ئەڵتەرناتیڤەی کە ئەو بەشوێنیەوەیەتی, ڕێپێنادات. شەقامی عێراقی و کوردیستانیش بە گشتی بە دژی هێنانەناوەوەی کۆنە بەعسییەکانە و لەلایەکی تریشەوە, سەرە گەورەکانی ناسیۆنالیزمی کورد نزیکترین هاوپەیمانی ئەون. هەر بۆیەش بە کەشفکردنی ناوی ئەوان هەر ئاوا لەبەرچاوی ڕەئی گشتییەوە ,نایەوێت نیشانەی پرسیار لەسەر دەسەڵاتەکەی خۆی دابنێت.**

**دەکرێ پێزانینی ئەمریکا بۆ ناوە گەورەکانی ناو ئەم هێزانە, وەك وەڕەقەیەکی فشاری نهێنی زیاتر بۆ ملکەچکردنێکی زیاتر ئەم هێزانە لە ئاستێکی ژێرەوەیدا, کەڵکی لێوەربگیریت. دەشکرێ بە کەشفکردنی هەندێك ناو, خەباتی ئەمریکا, بۆ وەلانانی بەعس لە کوردستاندا, سەرنجی کۆمەڵگای عێراقی و کوردی بەلای خۆیدا ڕاکێشێت .**

**لە هەر دوو دۆخەکەدا, هەم مارینز و هەم ناسیۆنالیزمی کورد, سیحری زیاتر دەپەخشنەوە, هەمیش کۆی ئەو سیستەمەی کە تائێستا, بەرپرسیارێتی لە دۆخی کوردستان و عێراقدا بینیوە, بە وەلانانی کۆمەڵێك دەمووچاو, دووبارە و بۆ دەورەیەکی تر, خۆی پێناسەدەکاتەوە. هاوکاتیش ئێمە لە چاوەڕوانییەکی دیکەی گەورەدا ڕادەگرێت و لە دۆخی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ماڵوێرانییەکانی ئاییندەدا, دەبێ لیستێکی تر, ئومێدی باشتربوونی ئەم وەزعەمان پێبفرۆشێت.**

***(1) بەرپرسە کوردە بەعسییەکان , حەمە سەعید حەسەن, سایتی تریفە***

***(2)ئایا کۆتایی سەدام کۆتایی بەعسیزمە, ڕێبین هەردی هاولاتی ژ 130 ل 9***